# کەبابی ئەبوشەهاب و رۆژنامەوانی بەرتیل خۆر!

**مەریوان مەسعود**
Mariwan77@maktoob.com



***دەڵێن کۆریەکان لە شاری هەولێر گەلێك شتی باش و چاکیان کردووە بۆ خەڵکەکەو ئەمەش تا حکومەتی هەرێم هەبێت پێویست بەسوپاسی من و ئێوەی خوێنەر ناکات، بەلاّم من و ئێوە بۆمان هەیە رەخنەی کۆریەکان و غەیری کۆریەکانیش بکەین ئەگەر هاتوو جۆرێك لەسووکایەتیان بە پیشەی هەریەکێکمانەوە کرد کە دیارە منیش لێرە مەبەستم پیشەی رۆژنامەوانییە، هەر چەندە چەپڵە بەدەستێك لێنادرێ و زۆری خەتاکە هی رۆژنامەوانەکان خۆیانە... لەوانەیە بڵێن بۆ چی روویداوە؟، فەرموو ئێوەو ئەم چەند هەواڵەی خوارەوە بۆ وەرگرتنەوەی وەلاّمی (بۆ؟)یەکە:**

**–کۆریەکان لەیادی رۆژی نیشتمانیان لەشاری هەولێر لەکۆتایی ئاهەنگەکەیان بە رۆژنامەنووسەکانی کوردیان وت (بە رۆژنامەو فەزائی و لۆکاڵەوە) بەپەلە سەرە بگرن و هەر کەسەو هەویەی کەناڵەکەی خۆی دەربێنێت چونکە هەدیە وەردەگرن...کەچی هەندێك رۆژنامەنووس هەرچەندە دەیانزانی کە هەدیەکە تەنها باوەشێنێکی ژنانەیەو هیچی تر کەچی هەر سەرەشیان گرتبوو.. بەداخەوە دواتر هەموویان باوەشێنێکی سپێشەڵی کۆریان وەرگرت.**

**–لەیادی ئاڵوگۆڕی بەشێك لەجەیشی کۆرییەکان لەهەولێر ئاهەنگێك سازکراو لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا دیسان بەرۆژنامەوانەکانیان  وت سەرە بگرن بۆ هەدیە وەرگرتن، ئەگەرچی رۆژنامەوانەکان هەر ئەوانە بوون کە پێشتر باوەشێنەکەیان وەرگرتبوو کەچی ئەمجارەش هەر سەرەیان گرتەوەو بەپێی زانیاری من تۆڕەبوونیشی تێکەوتووە، بەلاّم ئەمجارە لە باوەشێن خراپتریان وەرگرت چونکە تەنها شانەیەکی داری گەورەبوو کە بە زمانی کۆری لێی نووسرابوو ئێمە کوردمان خۆش دەوێت!!.**

**– ئەمجارەشیان کۆرییەکانی کۆمپانیای LG کە بەحیساب یەکەم کەسن مۆبایل بەکوردی دەخەنە بازاڕەوە لەکۆتایی ئاهەنگی کردنەوەی فەڕعەکەیان لەهەولێر داوایان لە رۆژنامەوانەکان کردووە سەرە بگرن و بەدەستووری ئەوانەی پێشوو، بۆ ئەوەی مۆبایلی کوردیی وەربگرن.. کەچی رۆژنامەوانەکان چونکە هەواڵیان بیستبوو کە ئەمجارە باوەشێن و شانە نییە بۆیە بێ ئەوەی هیچ کۆرییەك پێیان بڵێ هەموویان سەرەیان گرتوو هەویەی کەناڵەکانیشیان بەرزکردبۆوە بەلاّم پیاو بۆ خوا قسە بکات  یەك دوو رۆژنامەوانی بەمەوقیف هاتبوونە قسەو هەدیەکەیان وەرنەگرتبوو، وتوبیان " ئەمە ئیهانەیە کەی هەدیەیە"  بەلاّم ئەوانەی دیکە  هەدیەکەیان بەشەڕەشەق بەرکەوتبوو، خوا پێم نەگرێ دەڵێن کۆریەکان هەندێکیشیان بەدز دەرهێناون کە زیادلە مۆبایلێکیان بردووە...ئەڵلاّهو ئەعلەم!.**

**–دوا هەواڵم لەبارەی هەدیە وەرگرتنی رۆژنامەنووسان ئەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییەی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140–ە کە هەفتەی رابردوو لەهەولێر بەستیان، کە کۆنگرەکە سەعات 11ی پێشنیوەڕۆ بووەو بەهەمووی کەمتر لەسەعاتێکی خایاندووە کەچی لەکۆتایی کۆنگرەکەدا**

**رۆژنامەوانەکانیان ریزکردووەو هەریەکەو نەفەرێك کەبابی (ئەبوشەهاب)یان بە هەدیە داونەتێ بۆ ئەوەی بەسکی تێرەوە هەواڵەکە بنووسنو 140 بەرەقەمی سەیارە تێنەگەن!!.**

***تێبینی:برا رۆژنامەوانەکانم توخوا ئەمە کارە فێری بوونە..... هەی خوا سەلامەتتان بکا؟!**